# لیبرالیزم له به‌رامبه‌ر ئیسلامی رادیكاڵ

## فۆكۆیاما: گه‌ر تۆ بته‌وێت كۆمه‌ڵگایه‌كی مۆدێرنت هه‌بێت، جگه له‌ئابوری بازاڕی ئازاد وسیته‌می‌سیاسی‌دیموكراسی هیچ رێگه‌یه‌كی ترت له پێشدا نییه

**وه‌رگێرانی له فارسیه‌وه: مه‌جید ساڵح**



فرانسیس فۆكۆیاما ئوستازی ئابوری نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه له زانكۆی"جانز هایكینز" ونووسه‌ری كتێبی"كۆتایی مێژوو ودواین مرۆڤ "ه كه‌پاش بلاّوبوونه‌وه‌ی بگره‌وبه‌رده‌یه‌كی زۆری لێكه‌وته‌وه‌و تاكو ئێستا وه‌رگیراوه‌ته سه‌ر بیست زمان.له‌و كتێبه‌دا فۆكۆیاما سه‌ركه‌وتنی لیبرالیزمی دیومكراتی به شتێكی حه‌تمی له قه‌ڵه‌مده‌دا.به‌لاّم پاش 11 سیپته‌مبه‌ر زۆر له تیۆریزانه‌كای دوونیا ئه‌م تێزه‌ی فۆكۆیامایان خسته ژێر پرسیاره‌وه. به‌لاّم بۆ خۆی هێشتا پێی وایه سیسته‌می سه‌رمایه‌داری رۆژئاوایی دواجار سێبه‌ری خۆی به سه‌ر دونیادا ده‌پۆشێت. ئه‌وه‌ی له خواره‌وه دێت دیدارێكی كورته له گه‌ڵ ئه‌و فه‌یله سۆفه ناوداره ئه‌مریكیه به‌ره‌گه‌ز ژاپۆنییه.

- **به قسه‌ی زۆركه‌س كاره‌ساتی یازده‌ی سیپته‌مبه‌ر له شه‌ورۆژێكدا جیهانی گۆڕی. ئێوه پێش چه‌ند ساڵێك له كتێبی"كۆتایی مێژوو دواین مرۆڤ"راتان گه‌یاند سیسته‌می سه‌رمایه‌داری لیبراڵ دیموكرات دواین قۆناغی مێژووه. ئایا لیبرالیزم ئێستا له شه‌ردایه دژی ئیسلامی رادیكال؟**

من پێم وایه ئێمه ئێستا له قۆناغێكی دژواردا ده‌ژیین.له سالاّنی نه‌وه‌داپه‌ره‌سه‌ندنی دیموكراسی گه‌یشته لوتكه، به‌لاّم ئێستا له زۆر جێگه‌ی دونیاوه كه‌وتوه‌ته به‌ر هێرش. ئیسلامی رادیكال یه‌كێكه له‌و هه‌ڕه‌شانه.خواست له سه‌ر دیموكراسی له ده‌یه‌ی رابردوودا له روسیا وئه‌مریكا په‌ره‌ی سه‌ند، كه‌چی ئێستا له پاشه‌كشه‌دایه. به‌لاّم سه‌ره‌ڕای ئه‌و كێشانه، تیۆرییه‌كه‌ی من هێشتا كاریگه‌ری ماوه،

چونکه گەر تۆ بتەوێت کۆمەڵگایەکی مۆدێرنت هەبێت، جگە لەئابوری بازاڕی ئازاد وسیتەمیسیاسیدیموکراسی هیچ ڕێگەیەکی ترت لە پێشدا نییە.ئیسلام خاوەنی شارستانیەتێکی جەزاب نییە تاکو خەڵکی دونیای پێشکەوتوو موشتاقی بن. هیچ کەس نایەوێت لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمێکی وەك تالیبان وعەربستانی سعودیدا بژی. نە ڕۆسەکان ونە ئوروپاییەکان ونە ئەمریکایی وژاپۆنییەکان نایانەوێت لە ژێر دەسەڵاتێکی لەو شێوەدا بژین. پێم وایە قەیرانی ئیسلام دەبێت لە دوولاەوە بە جیدی وەرگیرێت. بە واتایەکی تر، ئیسلامی ڕادیکاڵ لە دوولایەنەوە بەهێزە: یەکێکیان چەکی کۆکوژییە ك دەکرێت لە ڕێگەیەوە تەنانەت کرپێکی سیاسی بچوك دەتوانێت زیانێکی زۆر لە هێزە گەورەکان بدات. مەسەلەی دووەم ئەو کەمینە موسڵمانانەیە کە لە ڕوسیا وئوروپا وئەمریکادا دەژین وکێشەیان هەیە بۆ دەمج بوون. ئەوانە دووقەیرانی جیدین ، بەڵام پێم وایە لە کۆتایدا کۆملّگا لیبراەکان دەتوانن خۆراگرتربن لەوان. ئەمڕۆ ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین فرە کولتورە، ڕەوتی بە جیهانی بوونیش هێندەی تر خەسڵەتی فرە کولتوری بەهێزکردوە.پێناچێت ئەم گروپانە بۆ ئەوەی بەئاشتی بژیین هیچ ڕێگەیەکی تریان جگە لە ڕێگەی دامەزراندنی کۆمەڵگایلیبراڵی پشت بەستوو بە پێکەوژیان و نەرم ونیانی لە پێشدا بێت.

- **تێوریەکیەك هەیە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە دونیادا تەشەنەی سەندوە وپێی وایە دیموکراسی وکۆمەڵگاکانی لیبراڵەکان نامرۆڤایەتین. لایەنگرانی ئەم تیورییە بۆ ڕاستی بۆچوونەکانیان باس لە کەمی ڕێژەی منداڵ بوون و بەربڵاوی ئایدز ومادە بێهۆشکەرەکان و هاوجنس بازی لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا دەکەن.وادیارە ولاتە ئیسلامیەکان لەو دیاردانە بە دوورن ورادەی منداڵ بوون لەو کۆمەڵگانەدا بەرزە. بۆیە دەڵێن ئایندە هی ئیسلامە. چونکە لە ولاتە دیموکراسیەکاندا لە ماوەی 200 بۆ 300 ساڵی ئایندە کەس نامێنێت. بۆچوونی ئێوە سەبارەت بم تیورییە چییە** ؟

- ئەم تیورییە بریتیە لە جۆرێك لە ئەندازەگیری هەڵبژێراو.ڕێژەی بەرهەم هێنانیهەموو ولاتە عەربیەکان پێکەوە(جگە لە نەوت)هێندەی ئیسپانیانییە!.ولاتە عەربیەکان ژیانێکی خۆشگوزەرانیان بۆ هاوولاتیانی خۆیان درووست نەکردوە. هەموویان دیکتاتۆرین. ئەگەر لە جیاتی داهێنان وئاستی تەکنەلۆژی و بەرهەم هێنان ، منداڵ بوون بکرێتە پێوەر ئەوا تۆ ڕاست دەکەیت.کۆمەڵگا ئیسلامییەکان لەم ڕووەوە زۆر سەرکەوتوون. بەڵام پێم وایە کە زۆربەی خەڵکی لەوباوەڕەدان بە پێی پێوەرەکانی سەرکەوتوویی و پێشکەوتوویی، ولاتە ئیسلامییەکان بارودۆخیان باش نییە. سەیرکەن چۆن خەڵکی ولاتە ئیسلامییەکان بە قاچەکانیان ڕای دەدەن . سەیری ئەو کۆچە بەربڵاوەی خەڵکی ولاتە ئیسلامیەکان بکەن بۆ ئەمریکاو ئۆروپا.نابینیت کەس لە ئوروپاوە بەرەو ولاتە ئیسلامییەکان

کۆچ بکات. ئەوە بەو مانایەیە گەر خەڵکی مافی هەڵبژاردنیان هەبێ ئـەوا کۆمــەڵگای رۆژئـاوایی هەڵدەبژێرن با رێژەی منداڵبوونیشی تێدا نزم بێت، نەك کۆمەڵگا ئیسلامییەکان.

- **ئایا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هیچ رووداوێك ئێوەی وەك لێکۆڵەرو فەیلە سـۆفێك تووشی سەرسوڕنان کردوە؟**

- یازدەی سیپتەمبەر بۆ من زۆربەی خەڵك شۆك بوو. من لە بیرمە کاتێك هاتم بۆ ئۆفیســەکەم لــە لێرە لە واشنتۆن ئەو دوکەڵەم دەبینی کە لەبینای پنتاگۆنەوە بەرز دەبووەوە. پێم وایە کەس چــاوەرێی ئەوەی نەدەکرد. ئەو رووداوە سیاسەتەجیهانییەکانی لە هەموو بوارەکاندا گۆڕی. مەسەلەیەکی تر کە منی توشی سەر سوڕمان کرد ئەو درزە بوو کــە بــە هــۆی شــەڕی عیراقــەوە کەوتــەنێوان ئــەمریکاو ئوروپاوە. بێشبینی قوڵی ئەو درزەم نەدەکرد پێم وانییە ئەو جیاوازیانە بەم زووانە بروێنەوە.

- **هۆکاری ئەوە چییە؟**

- پێم وایە جیاوازییەکی بەهایی گــەورە لــە نیــە نێــوان ئــەمریکاو ئوروپــادا هەیــە. ئوروپییەکا یەکسانی و پێکەژیانیانی کۆمەلآیەتیان پێ باشترە لە ئــازادی.ئــەوان بۆچوونی جیاوازیان بۆ دەسەلآتداریتی هەیە.بەلآم ئەمریکاییەکان ئەوەیان پێ بــاش نییە.هەندێك جیاوازی تری وەك رێگەدان بە ئیعدام وشــێوازی بــە کارهێنــانی هێــز هەیە. بە پێچەوانەی ئوروپییەکان، ئەمریکاییەکان پێیان وایە دەکرێــت هێــز بــەکار بهێنرێت لە پێناوە ئامانجی ئەخلاقی. لە رابردووشدا ئەو مەسەلانە هــەبوون، بــەلآم بە هۆی شەڕی ساردەوە هێندە نەدەکەوتنە بەر چاو.بــەلآم پــاش شــەڕی ســارد ئــەو جیاوازیانە بوونە هۆی گەورە بوونی درزی نێوان ئەمریکاو ئوروپا.

سەرچاوە:

www.bashgah.net